کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 9:51 2006 -12 -27

# نامەیەکی کراوە .. بۆ بەرێز/ وەزیری فێرکردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

پێشەکی پیرۆزبایی جەژنی قوربان وساڵی تازەت لێ ئەکەین وسوپاست ئەکەین بۆ بەدەنگەوەهاتنمان و ناردنی لیژنە بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی پەیمانگا لە گەڵ ڕاگر (مامۆستا یونس سادق ساڵحی)، بە سەرپەرشتی بەرێز سەرۆکی دەستەی خوێندنی تەکنیکی (مامۆستا ڕۆستەم عزەت تاهر) بۆیە جەنابتان ئاگادار ئەکەینەوە:-

1. لیژنەکە ڕۆژی 17- 12- 2006 گەیشتە کەلار، بەڵام ئەوەی چاوەڕوان ئەکرا وا نەبوو. چونکە وەك لیژنەی بەرگری کردن بوون لە (م. یونس) و مرۆڤ ئەو پەندە کوردیەی بیرئەکەوتەوە کە باس لە پەیوەندی نێوان (ڕێوی وکلکی) دەکات.
2. مامۆستا (ڕۆستەم) لێکۆڵینەوەکەی بە هێرش کردنە سەر هەمووان و وەسف کردنی (م. یونس) بە (جندی مەجهول) دەست پێکرد و، پاشان سایتەکانی بە (بێ ئەخلاق) و سەرۆك و جێگری سەرۆکی زانکۆی سلیمانی بە (مافیا) دانا، ئەوجنێوانەش بە ڤیدیۆکەی خۆیان تۆمارکرا.
3. بەرگری کردنەکەی (م. ڕۆستەم) لە (م. یونس) لە بەرگری کردنی پارێزەر دەچوو لە (تاوانبار) نەك لیژنەی لێکۆڵینەوە، هیوا دارین بەڕاستی نەبوبێت و گاڵتەی کردبێ، چونکە کەس متمانەی بەویش نامێنێت و ناوێرێت هیچ ڕاستیەکی پێ بڵێت.
4. هەرچۆنێك بێت لۆمەی مامۆستا ڕۆستەم ناکەین چونکە سەرباری نەخۆشی سەری زۆر قاڵە، ئەوەتا هەرخۆی سەرۆکی دەستەو ڕاگری پەیمانگای کۆمپیوتەری سلیمانی و ڕاگری کۆلێژی تەکنیکی هەڵەبجەی شەهیدە بە وەکالەت، جگە لەوەی تۆزێك بەوە شانازی دەکات کە لەوەوپێش مامۆستای جەنابت بووە.
5. بەڕێز جەنابی وەزیر: کەس گومانی لە دڵسۆزی و عەدالەت و کوردپەروەری جەنابت نییە، بەڵام کێشەی ئەو (12) ساڵەی (م. یونس) لە پەیمانگای تەکنیکی کەلار لە کێشەی (35) ساڵی دەسەڵاتداری (سەدام) دەچێت، کەس بڕوای نەماوە لاببرێت ومتمانەشیان بە هیچ کەس و لایەن و لیژنەیەك نەماوە کە بێ لایەن و نهێنی پارێز بێت، تاوەکو ڕاستیان لادا بڵێن. بۆیە حەزدەکەین جەنابتیش بڕوا بە قسەو فڕو فێڵ و چەواشەکاری هیچ کەس نەکەیت و خۆ بە خۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە لێك بدەیتەوە:
6. ئایا بەپێ ی نزیکی جەنابت لە (م. یونس) ەوە کەسێتی (م. یونس)، لە هەموو ڕوویکەوە چۆن هەڵئەسەنگێنیت؟ ئایا ئەوەندە سیاسی و لە خۆبوردوە لە پێناو ژن و منداڵە ئەنفالکراوەکانی گەرمیان، (12) ساڵ ژن و منداڵی خۆی بە جێ بهێڵێ و، ڕازی نەبێت لە کەلار بگوێزرێتەوە بۆ نزیك منداڵەکانی تەنانەت ئەگەر بە پلەی بەرزتریش بێت؟
7. ئایا بۆچی بەو شێوە سەرسوڕهێنەرە باوەشی کردوە بە کورسیەکەیداو شەڕ و ململانێی لە سەر ئەکات و ئامادەی هەموو فروفێڵ و ئەمبەر و ئەوبەرێکە لە پێناوی مانەوەدا؟
8. ئەی ڕاستە (12) ساڵە تەنها (4) کەسی لە دەوردا بێت و لە (دەم) و (چاوی) (ژنی ژمێریار) وە هەڵسوکەوت لە گەڵ هەموو کەس لە پەیمانگادا بکات و، ڕۆژانە بۆ ماوەی دوورو درێژ لە پشتی دەرگای (لە ناوەوە داخراوەوە) کەس نەزانێ چی ئەکەن و چی ئەڵێن و هەتا ئەو (ژنە) لە ژورەوە بێت سکرتێرەکە نەتوانێ کەس بکاتە ژورەوە؟
9. ئایا ئەو هەموو توندو تیژی یە لە ڕادە بەدەرو بێ مانا کە زۆرجار ئەگاتە ئاستی گوندەیی و کەڵگایی و گوێ نەدانە سەروی خۆی، پیشەو مافی ڕاگرەو شایستەی مامۆستا وخوێندکاری زانکۆ و پەیمانگایە؟

10.ئایا پێویست دەکات (ڕاگر) هەوڵ بدات سود لە دیاردەی (دەسەگەری) سیاسی یان (خزمایتی) جەنابت وەربگرێت بۆ بەرژەوەندی و مانەوەی خۆی، یان وەك کورد دەڵێ (لە هەر شوێنێکەوە بای بێت شەن بکات) . ؟کە دڵنیایین جەنابتان بێ خەبەرن لەو هەڵس و کەوتانەی.

11.ئایا ڕاستە (12) ساڵە بێجگە لە (ژمێریار) و (ژنی ژمێریار) کەسی تر نەزانێ (نەسریە) ی مانگانەی پەیمانگا (چەندە) و (چۆن) دێت و (چۆن) بە تەزویرکاری پاکتاو ئەکرێت. ؟کە بە شێوەیەکی ناسروشتی دەست و دەم و... تێکەڵن. یان هەر ئەوان دڵسۆزی پەیمانگا بن؟

12.ئایا ڕاستە پەیمانگایەکی (12) ساڵە دارزابێت و بە ئەنقەست ئاوی پاك و ئاوەڕۆی پشت گوێ خرابێت و داخلی کچان بە شەوبێ کارەبا بن؟ لە گەڵ بوونی بیری ئیرتیوازی و دوو مۆەلیدەی کارەبای گەورەدا !؟

13.ئایا ڕاستە (ڕاگر) ڕێگر بێت لە هاتنی مامۆستای خاوەن (بڕوانامەی بەرز) و (خزمەتی زۆر) و یان گیرو گرفت دروست بکات بۆ ئەو مامۆستایانەی پەیمانگاش کە بڕوانامەی بەرز وەردەگرن دوای هاتنەوەیان لە خوێندن و زەوت کردن یان دواخستنی مافەکانیان، بە بیانوی جۆراوجۆر لە ترسی شوێنەکەی. ؟

14.ئایا ڕاستە ڕاگر هەمیشە لە پێش کامیرە و پەیامنێرەکاندا بێ منەتی خۆی لە چۆڵ بوونی پەیمانگا لە خوێندکار و مامۆستا ماجستێرەکانیش نەشارێتەوە و بڵێت (دەرگای پەیمانگا رەوە حوشترێکی پیا ئەچێت) ؟

15.ئایا ئەکرێت (ڕاگر) ی پەیمانگا لە هەموو شوێنێکدا دژایەتی دروست بوونی تاقەکۆلێژی ناوچەکە بکات وەك جەنابت ئاگاداریت. ؟

16.چۆن ئەبێت (ڕاگر) خۆ بە خۆ و بێ گوێدانە سەروی خۆی مامۆستای خاوەن بڕوانامەی ماستەر (فەسڵ) بکات، بە بیانوی چوون بۆ حەج، بێ ئەوەی لە هیچ رۆژنامەیەکدا ئاگاداری بکاتەوە و ماوەی (30) رۆژەکەی تێنەپەڕێت ئەگەر بە (غائیب) یش ڕوشتبێت. ؟

17.ئایا ئەکرێت بەو مامۆستا (فەسڵ کراوە) بووترێت (تاوەکو ئێستا من ڕزقم داویت، تۆ بۆ لای خوا ڕویشتویت، ئەوا من رزقتم بڕی بڕۆ با خوا ڕزقت بدات) . ؟ ئایا ئەو ووتەیەیە چەند لێکدانەوە هەڵدەگرێت؟

18.ئایا دەرکردنی چەندین مامۆستا وەك (تارق، خلیل موسی، جلال مەلەك، ... ) فشارخستنە سەر مامۆستا وەك (حسن محمد رۆستەم) بۆ گواستنەوە، یان (ڕاسب) کردنی بە ئەنقەسی مامۆستایان (حسن محمد ڕوستەم، سامان عبدالرحمن) لە سمیناری بەخشینی (نازناوی) زانستیدا ڕاستە؟ لە کاتێکدا ئەوان (ماستەر) ەکەیان بە پلەی نایاب وەرگرتبێت؟ و خوا دەزانێت چۆن خۆی مڵاس داوە بۆ ئەوانەی تازە گەڕاونەتەوە لە خوێندن؟

19.ئایا گواستنەوەی (بەزۆری) فەرمانبەران لەم یەکە بۆ ئەو یەکە و بە بێ هۆ و هەروەها ناچارکردنی فەرمانبەران و کرێکاران بۆ هات و چۆ بە (پێ) یان بە (کرێ) لە چلەی هاوینی گەرمیاندا ڕاستە؟ لە کاتێکدا دوو پاسی تازەش لەناو پەیمانگا ڕاوەستاون تۆز بانی گرتوون. ؟

20.ئایا ڕاستە (ڕاگر) بە فەلسەفەی چەرخە کۆنەکان و قسەی ناشیرین وەك بە (حوشتر) دانان و ناوی (قۆندەرە) هێنان لە ڕووی مامۆستا و خوێندکار و خەڵك دا قسە بکات، جگە لە چەندین فەلسەفەی قێزنەوونی کە بێزی لێدەکەین بخەینە ڕو، ئایا ئەبێت بێ سڵ کردن بەو زمانە بۆ ڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بدوێ، ئەگەر لە خۆبایی بوون نەبێ؟

21.ئایا ئەبێت ئەم هەموو قسەو ڕاپۆرت و بڵاوکراوەیە لە سەری لە ماوەی ئەو (12) ساڵەدا ڕاست نەبن و تەنها قسەی (ئەو) و (ژمێریار) و (ژنی ژمێریار) راست بن؟

22.ئایا لە هیچ ڕوویەکەوە مانەوەی لێپرسراوێك لە فەرمانگەیەکدا بۆ ماوەی (12) ساڵ ڕاستە؟ بە تایبەتی ئەو هەموو هەرایەی لە سەربێت، یان چ لێپرسراوێك مافی ئەو هەموو زوڵم و زۆرەئەدات بە خۆی. ؟

23.ئایا ئەکرێت لە ماوەی زیاتر لە چەند ساڵێك (ژمێریار) هەرخۆی (ئیدارە) و (مالیە) و (گەنجینە) بەڕێوە ببات و بە ئارەزوی خۆی ئیمزای ڕاگرو هەموو کەس بکات و، تا ئەم ساڵانەی دوایی نەبێت چەند فەرمانبەرێکی نە شارەزایان بە ڕواڵەت داناوە ئێستاش خۆیان هەرچیەکیان بووێت ئەیکەن بێ گوێدانە کەس؟

24.ئایا ئەم گەندەڵی و بەیت و بالۆرە بەیەکدا ووتنە بە بەرچاوی خەڵکەوە شورەیی نییە؟

25.ئایا سەیر نی یە مامۆستایەکی خاوەن بڕوانامە بەم جۆرە بیربکاتەوە: ئەگەر ئەو نەبوایائەو پەیمانگایە دروست نەدەبوو؟ یان بە تەنها خۆی دروستی کردوە و مافی خۆیەتی بە ئارەزوی خۆی زوڵم و زۆرداری تیادا بکات و ئەسپی تیادا تاوبدات و چۆن ئەیدۆشێ بیدۆشێ و چی حەزی لێ دەکا بیکات و چی دەخوات بیخوات بە ڕەوا و ناڕەوا سودی لێ وەربگرێت و بێجگە لە مووچەو دەرماڵەو نەسریەی زۆر و سەیارەی جۆراوجۆر و هەموو پێداویتیەکانی شەو و رۆژی خۆی بە باشترین شێوە لە سەر پەیمانگا دابین بکات و بە (3) پرسگە بگەیتە لای بەڵام بەشە زانستی یەکان بە (سەرۆك بەش و بڕیاردەر و سکرتێر و مامۆستایانی بەش) لە ژورێکی بچکۆلەی (سێ بە دوو متر) هێشتا بۆخۆی بە کەم بۆ ئەوانی بە زۆر بزانێت، بێ ئەوەی بیر لە لێپرسینەوە بکات و حساب بۆ هیچ کەسێك بکات.

26.بۆیە داواکارین لە بەڕێزتان:-

ا- ئەگەر بڕوا ناکەن وە بە باشی دەزانن مافی خۆیەتی پلەی بەرزکەنەوە

ب- ئەگەر بڕوا ئەکەن بیگوێزنەوە بۆ شوێنێکی تر یان خانە نشینی بکەن و هەرکەسێك دائەنێن هەر لە ئەو باشترە.

ج- لێپرسینەوە لە ئیشی (12) ساڵەی بکرێت بە تایبەتی (نەسریە) ی مانگانەی پەیمانگا چونکە هۆی سەرەکی هەوڵەکانیەتی بۆ مانەوە.

د- جەنابی وەزیر:کورد دەڵێ (قسە هەزارە و یەکێکی بە کارە) تاوەکو (م. یونس) نەگۆڕن نازانن ئەم (12) ساڵە چی کردوە چونکە کەس ئامادە نیە لە بوونی ئەودا هیچ بڵێت ووەك جاران خۆی توشی سەرێشە بکات و ئەنجامی نەبێت.

ە- تکا ئەکەین گوێ لە قسەو فرِوفێڵ و چەواشەکاریەکانی مەگرن، دڵنیاتان ئەکەین ئەمانە هەمووی ڕاستنو لە چەند کەسێکی کەم نەبێ لە پەیمانگادا کەسی تر لێ ی ڕازی نیە، ئێمەش چاوەڕوەڕێ ی خوا و پاشان گەیاندنی سایتەکان و دەستی جەنابتین، چونکە ئەم مەسەلەیە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سەرشانی جەنابیشت دەگرێتەوە.

دووبارە جەژنت پیرۆز
کۆمەڵێك مامۆستای دڵسۆز لە
پەیمانگای تەکنیکی کەلار

2006 -12 -27